# ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕووداوە سیاسییەکانی قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست

**پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**
بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە**

(ئافرەت) وەك ڕەگەزی مێینە و هێزێکی کاریگەری خێزان و کۆمەڵگا، بە یەکێك لەو پێکهێنەرانەی کۆمەڵگا دادەنرێت، کە شـــان بە شـــانی پیاو و ڕەگەزی نێرینە، ڕۆڵی خۆی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بینیووە. وەك ئەوەی ئەگەر ئافرەت نەبوایە پرۆســـەی هاوســـەرگیری ئەنجام نەئەدراو خێزان پێك نەدەهات و ئیتر مانایەك بۆ ژیان و بەردەوامی بۆ ژیان نەدەبوو. لێرەوە بەمەبەســتی تیشــك خســتنەســەر ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕووداوە ســیاســییەکانی قۆناغی مێژووی ســەدەکانی ناوەڕاســتدا، ئەم توێژینەوەیە ئامادە کرا. بۆ ئەم کارەش توێژینەوەکەمان بۆ (دوو) باس دابەشکرد. لە باسی یەکەمدا تیشکمان خستەسەر ناساندن و خەسڵەتەکانی ئافرەتی کورد و ئەرك و مافەکانی لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا. باسی دووەمیشیان بۆ ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا تەرخانکرد. دواجار بەئەنجامێك و ئەو سەرچاوەو ژێدرانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە، کۆتایی بەم کارە هێنراوە. بەو هیوایەن لە ئاست متمانەی ئەم کۆنفڕانسە زانستییە نێودەوڵەتییەدا بێت.

**ملخص البحث**

تعد النســـاء أحدى أهم مكونات العائلة والمجتمع, التي برزت دورها في العديد من مجالات الحياة. وهي قامت بدورها جنبأ بجنب الرجال في أســـتمرار و ديمومة الحياة. والمرأة الكردية مثل الرجل الكردي, قامت بدورها مثلما لعبه الرجل الكردي في العديد من الامور اليومية داخل الاســـرة و خارجها. ولأبراز هذه الدور قمنا بأعداد هذا البحث في مبحثين وتحديداً في العصـــور الوسـطى. ففي المبحث الاول تظرقنا الى الدور الكلي لنسـوان الكرد وأهم أعمالها وأركانها في الاسـرة والمجتمع. أما في المبحث الثاني والاخير أشرنا الى الدور السياسي التي لعبها النسوان الكرد في تلك العصر. وأختتمنا البحث بعدة نتائج وصل اليها الباحث ومن الله التوفيق.

**Abstract**

Women are one of the most important components of the family and society, and their role has emerged in many areas of life. She played her role alongside men in the continuation and continuity of life. The Kurdish woman, like the Kurdish man, played her role just as the Kurdish man played in many daily matters inside and outside the family. In order to highlight this role, we prepared this research in two sections, specifically in the Middle Ages. In the first section, we looked at the overall role of Kurdish women and their most important actions and pillars in the family and society. In the second and final section, we referred to the political role played by Kurdish women in that era. and may God grant us success.

**پێشەکی**

ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کورد لە ڕووداوە ســیاســییەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســتدا. کارێکی ســەخت و دژوارە. سەختی کارەکەش لەودا نەبووە، کە سەرچاوەکان کەم و دەرخستنی ڕۆڵی ئەوان لەو سەردەمەدا دژوار بێت؟ بەڵکو لەوەدا بووە، کە دەرهێنانی ناوی ئافرەتانی کورد بە کچ و ژنەوە, لەنێو هەزاران ئافرەتی عەرەب و فارس و تورك و ئەرمەن و ئاسووری و پێکهاتەکانی ترو لەنێو هەزار ســاڵی ســەدەکانی ناوەڕاســتدا، کارێکی ســەخت بووە. ئەمەو دەرخســتنی ڕۆڵ و پێگەشــیان لەنێو چەندین کایەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ســەربازی و ئایینی، تا بەهۆیەوە بە ڕۆڵە ســیاســییەکەی بگەین، کارێکی دژوار

بووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەوڵمانداوە بە هەندێك ناوی ئافرەتانی کورد و پێگەیان لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا بگەین. بۆ ئەوەش پشتمان بە چەندین سەرچاوەی کۆن و ژێدەری نوێ بەستووە. کارەکەشمان لە (دوو) باسدا جێکردۆتەوەو ڕیزبەندی مێژوویشمان پێش پێگە و ڕۆڵی ئافرەت لەو قۆناغەدا خستووە.

ماوەتەوە بڵێین: لەگەڵ ئەوەی تۆماری هەزار ساڵی قۆناغێکی مێژوویی و لەنێو ئەوانیشدا، گەڕان بۆ ناو و مێژوو و ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لەو ماوەیەدا، پێویستی بە خوێندنەوەو بەراوردو تاوتوێی سەدان سەرچاوە بە چەندین زمانی جیاجیای جیهان هەبووە، بەڵام لەبەر کەمی کات و سنووورداری توێژینەوەکەش لەمەڕ (ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە ڕووداوە سیاسییەکانی قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست)دا، بەو شێوەیە کارمان لەسەر کرد و کۆتاییمان پێهێنا، کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو. هەربۆیە بە هیوای ئەوەین، بەو ماوەیە و بەو سنووردارییە، کارێکی زانستی باشمان ئەنجام دابێت.

**باسی یەکەم**

**ناساندن و خەسڵەتەکانی ئافرەتی کورد و ئەرك و مافەکانی لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا**

**1-1: دەرکەوتن و ناساندنی ئافرەت و ئافرەتی کورد لەو سەردەمەدا:** بەو پێیەی (تاك) بنەمای دروستکردنی خێزان و خێزانیش بنەمای سەرەکی پێکهێنەری کۆمەڵگا بووە(د.فائزة محمد عزت, 2004, ص85), بۆیە نە خێزان و کۆمەڵگا، بەبێ (ئافرەت) دروستبوون، نە توانراویشە بێ ئافرەت بەردەوامی بە ژیان بدرێت. بەواتایەکی تر سەرەکیترین هۆکاری پێکهێنەری خێزان و کۆمەڵگا ئافرەت بووە(أبن منقذ, 1981، صص192-193، تومابوا، 1980، لل101-102، ڤلادیمیر مینۆرسکی 1984، لل159-160). ئەوەش بەهۆی ئەوەی خستنەوەی منداڵ و گەورەکردن و پەروەردەکردنی, هەر لە ئەستۆی ئافرەت بووە(مليحة عوني القصير و معن خليل عمر، 1981، ص287، د.فائزة محمد عزت، صص86-87). لەم چوارچێوەیەشدا ئافرەتانی کورد وەك ئافرەتانی تری جیهان, لە بەرەبەیانی مێژووەوە، تەواوکەری پیاو و پێکهێنەری خێزان و کۆمەڵگا بووە(د.فائزة محمد عزت, ص85).

کاتێکیش دەمانەوێت بۆ مێژووییەکی کۆنی دەرکەوتنی ئافرەت و لەنێویشیاندا ئافرەتی کورد بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە مرۆڤ بە هەردوو پێکهاتەی نێرو مێیەوە, بەیەکەوە لەسەر ڕووی زەوی دەرکەوتوون. دواتر لەرێگای پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، وەچە کەوتۆتەوەو خێزان و دواتر کۆمەڵگا دروستبووە(القصير و معن خليل عمر، ص287). وەك مێژووش یەکەمین پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان (ئادەم و حەوا) ئەنجامدراوە، کە بەهۆییەوە خێزانیان دروستکردووە، تا زەوی ئاوەدان بکەنەوەو گەشەی پێبدەن(سوورەتی البقره، ئایەتی37، سوورەتی النساء، ئایەتی1، سوورەتی الاسراو، ئایەتی65، سوورەتی الاعراف، ئایەتی189، سوورەتی الزمر، ئایەتی6), بەڵام بۆ ڕیشەی نەژادی (حەوا)، وەك (ئادەم) تا ئێستا دیار نییە و بۆچوونی جیاوازی لەنێو مێژوونووسان و توێژەران و تەنانەت ئایینانیشدا دروستکردووە، کە ئەوەش تەوەری باسەکەمان نییە.

سەبارەت بە کوردیش، پرۆسەی هاوسەرگیری بە گشتی لە سەرەتاداو تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، لەنێوان ئەندامانی یەك بنەماڵەو تیرەو هۆزو خێڵدا بووە(مصطفى النجار, 2007, ص214). لەم پرۆسەیەشدا کەمتر کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی بەجێهێشتووە، بەڵام ئەو هاوسەرگیرییەی لەنێوان دوو بنەماڵەو تیرەو هۆزو خێڵ و دەسەڵاتی سیاسیدا بووە، زیاتر کاریگەری سیاسی بەجێهێشتووەو قورسایی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان داناوەو کاری لێکردوون(شاكر خصباك، 1972, صص461-663، بدرخان السندي، 2002، ص90، حميد ريبوار، 1999، ص100). لێرەوەش ئافرەت وەك هاوبەشی پیاو دەرکەوتووە، بەڵام زۆری نەخایاندووە لەلایەن پیاوەوە کراوەتە کۆیلەو قۆناغی پیاوسالاری دەستی پێکردووە(د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، 1981، ل5، فائزة محمد عزت، 2004، ص89). بە واتایەکی تر ڕەگەزی نێرینە, دەستی بەسەر جومگەکانی ژیان و خێزان و کۆمەڵگاکادا گرتووەو پاشەکشەی بە ئافرەت کردووە(د.کەمال مەزهەر ئەحمەد, لل6-10). بەو حاڵەشەوە کۆڵی لە ژیان و هاوبەشەکەی نەداوە، کە ڕەگەزی نێرینە یان پیاوەکەی بووە، بەڵکو بە لێهاتوویی و زیرەکی خۆی، بۆ ژیان و سروشت و کۆمەڵگای ڕوانیووە. هەربۆیە کەوتۆتە عەوداڵی نهێنییەکانی سروشت و دۆزینەوەی کشتوکاڵ (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، لل5-6). سا ئەگەر (گوندی چەرمۆ) لە (11کم) باشووری خۆرئاوای شاری (چەمچەماڵ) بەیەکێك لە کۆنترین گوندی کشتوکاڵییەکان بزانرێت(سیتون لويد, 1980، صص34-37، د.جمال احمد رشيد و د.فوزی رشيد، 1990، ص28، د.عبدالله علياوەيی, 1999، لل75-76). ئەوا ئەو شانازییە بەر ئافرەتی کوردستانی کۆن کەوتووە، کە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و گەنم و جۆ وەك دوو دانەوێڵەی گرنگی ژیان لەسەر دەستی ئەوان دۆزراوەتەوە(د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: س.پ، لل(6-10)، کە ئاسایی ئەوانیش کورد بوون.

**1:2 خەسڵەتەکانی ئافرەتی کورد:** ئافرەتامی کورد لە مێژوودا خاوەنی چەند خەسڵەتێك بوون، لەوانە ئازایەتی و جوامێری و چاونەترسیان. بەڕادەیەك لەکاتی چوونە دەرەوەی مێردەکانیان بۆ کارکردن یان شەڕ و ململانێ، یان هەر کارێکی تر، لە

ماڵەکانیان دەمانەوەو ئەرکی پاراستنی ماڵ و خێزانیان لەئەستۆ بووە(ابن منقذ, صص192-193, خصباك, صص466-467، هاشم طه عقراوی، 1971، ص11). ئەمەو جگە لە بوێری خۆڕاگریان، دڵسۆزو بەوەفاو لەخۆبوردوو بوون و بێ پرسی مێردەکانیان، دەستیان نەداوەتە هیچ کارێك(د.فائزە محمد عزت، ص90). لەم بوارەشدا (ست ئەلناس کچی میر سەعیدی مەروانی) دوای کۆچی دوایی مێردەکەی (ناسر ئەلدەولەی مەروانی) وەك وەفایەك بۆی، گومەزەیەکی گەورەی لەسەر گۆڕەکەی دروستکرد(الفارقی، 1959، ص272). تەنانەت باجی شەڕ و ئەو ململانێیانەشی داوە، کە بەهۆی مێردەکەی، یان بنەماڵەو تیرەو هۆزەکەی دووچاری بووە. وەك ئەوەی کاتێك (نافیعی کوڕی ئەزرەقی خەواریجی) لەتۆڵەی ئەو شکستەی بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی لەساڵی (67ك/686ز)و لە ناوچەی خوزستان دووچاری هات، دەستی دایە کۆمەڵکوژی دانیشتوانی بێتاوانی ناوچەکە(ابن حزم, 1320، 111/1، الشهرستاني، 2007، 110/1, ابن الاثیر، 152/4-153). لەو نێوەندەشدا جیاوازی لە نێوان ژن و منداڵ و پیاودا نەکرد(المبرد، 2010، 648/2). بەو پێیەشی لە ناوچەی خوزستان، کەوتبووە خۆرئاوای ئێران و چەندین بنەماڵەی کوردی لێبوو(الیعقوبي, 1840، صص312-313، أبن کثیر, 2008، 112/5، ابن خلدون, 2010، 488/2 , بۆیە لە ڕەشە کوژییەی (نافیع)دا چەندین ئافرەتی کورد کرانە کەنیزەك و بوونە قوربانی، سیاسەتە چەوتەکانی ئەو سەرکردەیەی خەواریج و باجی پیاو هۆز و خێڵەکەیاندا.

لەپاڵ ئەو ئەرکە ستەختانە و ئەو باجانەشی بەهۆی ئەون شەڕو ململانێیانەوە دووچاری هات، دەبوا منداڵی زۆر بۆ مێردەکەی بخاتەوە، تا پشتیوانی خێزان و بنەماڵەو تیرە و هۆزەکەی بێت. بە ئاستێك ئافرەتی کورد تا (10) منداڵی بووە(مینۆرسکی، ل160). تەنانەت لە هەرێمی فارس ئافرەتانی کوردی شوانکارە، تا (20) منداڵیان بووە(الاصطخرێ، 2004، ص68، أبن حوقل، 1979، ص236). ئەوەش بەهۆی ئەوەی پیاوی کورد حەزی بە منداڵ بووەو داواکاری سەرەکییان لە هاوسەرەکانیان منداڵی زۆر بووە. هەر لەو پێناوەشدا، پەنای بۆ فرە ژنی بردووە، بێئەوەی ژنەکەی پێشووی دژایەتی بکات یان لەبەر هاتنی ئافرەتێکی تر، ماڵەکەی چۆڵ بکات و منداڵەکانی بەجێ بهێڵێت(مینۆرسکی، ل160).

لەلایەکی دیکەوە ئافرەتی کورد هەمیشە حەزیان بە پاك و خاوێنی و پۆشینی پۆشاکی جوان کردووە. پۆشاکەکانیشان مۆرکی کوردەواری و کۆمەڵگای کوردییان پێوە دیار بووە. ئەمەو جگە لەوەی حەزیان بە زێڕو خشڵ و بازنگ و ملوانکەو گوارە کردووە(د. زرار صدیق توفیق، 2014، لل273-275).

**1-3: ئەرك و کارەکانی ئافرەتانی کورد:** بە گەڕانەوە بۆ تۆمارەکانی مێژوو، ئەرك و کارەکانی ئافرەتی کورد زۆر بوون، وەك ئەوەی بەرپرسی بەخێوکردنی منداڵەکانی بووەو هاوکاری مێردەکەشی لە ڕەز و باخ و شوێنی کارەکانی کردووە(بوا، لل101-102، مینۆرسکی، لل159-160). لەکاتی چوونە دەرەوەی هاوسەرەکەشی لەماڵ، ئاگاداری ماڵ و منداڵەکانی بووەو لە پاك ڕاگرتنی ماڵەکەی و پاکردنەوەی درێغی نەکردووە. ئەمەو جگە لە ئامادەکردنی خواردنی (سێ) ژەمی ڕۆژانە بۆ منداڵەکانی و ئەوانەی لە ماڵەکەی بوون(خصباك، صص466-467، عقراوی، ص11). هەروەها دوای مانگا و مەڕ دۆشین، چەندین جۆر شیرەمەنی وەك (ماست, پەنیر, کەرە, قەیماغ, دۆ, کەشك)ی دروستکردووە(خصباك, صص466-468, باسیل نیکیتین، 2004، صص125-127). ئەمەو سەرباری کاری ڕستن و چنین بۆ پێداویستی مێردەکەی و منداڵەکانی و ناوماڵەکەی(نیکیتن، صص127-128، لیرخ، صص24-25). هەروەها ئەرکی چاودێریکردنی مەڕوماڵات و ڕەشە وەڵاخەکانیشی لە ئەستۆ بووە(خصباك، صص467-468). ڕۆژانەش ئاوی لە کانی و کانیاوەکان و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ماڵەکەی هێناوە، تا بۆ خواردنەوەو دروستکردنی خواردەمەنی و خۆشتنی خۆی و خێزانەکەی بەکاربهێنرێت(یاقوت الحموي, 1990، 496/2. نیکتین، ص128) بەو ئەرکانەشەوە لەسەرشانی بووە، لای مێردەکەی و بنەماڵەکەی خۆشەویست بێت، بەو هۆیەی شەرەفی مێرد و بنەماڵەکەی بووە، چونکە شکان و شکستی ئەو, مانای شکستی خۆی و ئەوان بووە(نیکیتین، لل130-131، لیرخ، لل24-25). سەرباری هەموو ئەوانەش لە بەشێك لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی پێویست بوون ئەوانی تێدابن، هاوبەشی پیاوانیان کردووەو قسەی خۆیان هەبووە(بوا، لل101-102، مینۆرسکی، لل159-160). بەهەموو ئەو ئەرکانەشەوە، چارەکی ڕۆڵی پیاوی پێنەدراوە. ئەوەش زیانی بە ناسین و هێزی گەیاندووە. هەربۆیە وەك پیاوەکان ناویان نەچۆتە تۆمارەکانی مێژووەوە.

**1-4: دیارترین ئافرەتە کوردەکانی قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست:** کاتێك دەمانەوێت بە ئافرەتە کوردەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بگەین و ناوی چەندین کەسایەتیان بهێنین، دووچاری گرفتی گەورە دەبین، چونکە سەرباری نەبوونی زانیاری پێویست لەسەریان(عبدالرقیب یوسف، 2001، 147/2-148)، جیاکردنەوەی ڕیشەی نەژادی بەشێك لەوان دووچاری کێشەی کردووین. ئەوەش بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ئەو کەسانەی ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان تۆمار کردووە، کورد نەبوون. هەربۆیە هەوڵیانداوە، ڕۆڵە گەورەکە بدەن بە ئافرەتانی عەرەب و فارس و تورك و پیکهاتەکانی خۆیان، نەوەك کورد. ئەمەو جگە لەوەی بەشێك لە تۆمارەکانی کورد، کەوتۆتە نێو تۆماری مێژووی فارس و ئێرانییەکان، بۆیە دەستمان بە هەموویان نەگەیشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستمان بەهەندێکیان گەیشتووە لەوانە (زومورد خاتون کچی نەجمەدین

ئەیوب/616ك/1299ز)ی خوشـکی سـەلاحەددینی ئەیوبی(الحنبلي, 1987، ص229)، کە لە بنەماڵەی ئەیوبی کورد بوون(ابن خلكان، 1947، 139/7، شـرفخان الدليسي، 2001، 84، محمد امين زكي، 1931، 116/2). (دوو) خوێندنگای (جوانیە)ی لەشاری (دیمەشق) بەناوەکانی (الشاميه البرانيه و الشاميه الجوانيه) دروستکرد(الحنبلي, 1987، ص229). لەو خوێندنگایەشدا دەیان مامۆستای وەك (قازی بەهائەدینی کوڕی شەداد)(عبدالله ناجح علوان, 2000، ل121)و (عیلم ئەدین قەیسەر کوڕی ئەبی قاسم) وانەیان تێدا ووتەوە(الحنبلي, ل406). هەروەها (رەبیعە خاتون)ی خوشکیشی هەر لەو شارە (خوێندنگای حەنابلە)ی لە گەڕەکی (ساڵحیە) دروستکرد(ابن خلكان، بلا، 245/3، اليافعي، 1970، 109/4).

لەلایەکی دیکەوە (سـەیدە کچی موسـای مارانی/695ك-1295ز) یەکێك بوو لە ئافرەتە دیارەکانی هۆزی مارانی، کە سـەرباری ئەوەی ، بە (دایکی موحەممەد) ناسـراوە، شـارەزایی زانسـتە ئایینییەکانی ئایینی ئیسـلام بووە(البرزالي، 2006، 449/2). (خاتوون کچی مەلیك عادلی ئەیوبی) هاوسەری (مەلیك مەنسووری ئەیوبی)، کە بە (دایکی موەفەر) ناسرا(ابوالفداء، 1997، 218/2)، کاریگەرییەکی وەهای بەسـەر مێردەکەیەوە بووە، دوای کۆچی دواییکردنی، لەلایەن مێردەکەی پرسـەیەکی گەورەی بۆ دانراو بۆ ماوەیەکیش پۆشـاکی نیلی پۆشـی، وەك هاوخەمییەك بۆ هاوسـەرەکەی(ابوالفداء، 218/2، أبن الوردی، 1969، 198/2-199).

(زەیفە کچی عومەر)یش خۆڕاگرانە لەپشـت سـەری مێردەکەی وەسـتا. تەنانەت کاتێك مێردەکەی بەناوی (موحەممەد ئەربیلی) لەسـاڵی (707ك/1326ز) هەردوو چاوی کوێر بوو وە توانای کارکردنی نەما، بۆ ماوەی (14) سـاڵ، نەك هەر ئاگاداری مێردەکەی بوو وە هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکی کرد، (سێ) کچ و کوڕێکیشی بەخێوکرد و بە کارکردن، بژێوییانی دابین کرد(ابن الجزری، 1998، 357/2).

(جەبریە کچی ئەحمەد کوڕی حەسەن کوڕی موسەکی هەکاری/783ك/1381ز)و خوشکەکەی (فاتیمە/758ك/1356ز) لە ئافرەتە دیارەکانی ناوچەی هەکاری بوون لە سەردەمی خۆیاندا(العسقلاني، 1993، 360/1، أبن العماد الحنبلي، بلا، 280/6).

(فاتیمە کچی حسێن کوڕی حەسەن) لەناوچەی لۆڕستان، یەکێك بوو لە ئافرەتە ووتاربێژەکانی سەردەمی خۆی و بانگەوازی ئایینی دەکرد(أبن كثير، 1987، 212/12).

(شـوهدەی کچی ئەبو نەسـر ئەحمەدی کوڕی فەرەجی دەینەوەری(574ك/1178ز) وەك هۆنەرەوانێکی سـەرکەوتوو دەرکەوت. ئەو ئافرەتە کوردەی سـەرەڕای سـەرکەوتنی لە بوارەکەیدا سـەرنجی (موقتەفی بیلا536-550ك/1136– 1160ز) خەلیفەی عەباسـی ڕاکێشـاو بانگهێشـتی بەغدادی کرد, تا گوێ لە هۆنراوەکانی بگرێت(موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی, 1996، ل139). ئەوەش نمونەی ئافرەتێکی کوردی ناسراوی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.

ئەوانەی ناومان هێنان، نمونەی چەند ئافرەتێکی کوردەی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بوون. ڕاسـتە ئەو ژمارەیە بۆ ماوەی (نۆ) سـەدە، شـتێکی وەها نەبووە، بەڵام ئاماژەدان بەو ناوانە بەڵگەی بوونی ئافرەتی کورد بووە لە بواری جیاجیاو کایەی جیاوازی ژیاندا لەم قۆناغە مێژووییە.

**باسی دووەم**

**ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە ڕووداوە سیاسییەکانی قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست**

**2-1: پێگەی ئافرەتانی کورد لەسـەر ڕووداوە سـیاسـییەکاندا:** ئافرەتانی کورد وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا لە سـەدەکانی ناوەڕاستدا، سەنگ و قورسایی خۆیان بوو. ئەوان نەك تەنیا وەك پیاوان ڕۆڵیان لە ڕووداوە سیاسییەکاندا هەبوو، بەڵکو بوونە قوربانی ململانێ سیاسییەکانی سەردەمەکەش. بەتایبەت لەسەر دەستی زلهێزەکانی سەردەمەکە.

(فاتیمە کچی ئەحمەدی هەزارمێری) دوای ئەوەی شـووی بە (میر ناسـر ئەلدەولەی حەمدانی) کرد، سـەرباری ئەوەی کاریگەری لەسەر مێردەکەی هەبوو، لەپێناو گەیاندنی (ئەبوتغلوب)ی کوڕە گەورەی بە پۆستی میری دەوڵەتی حەمدانی، نێوانی لەگەڵ مێردەکەی تێکچوو. ئەوەش کاتێك مێردەکەی وویسـتی کوڕێکی تری لە ڕیشـەی بنەماڵەیەکی عەرەبی بکاتە جێنشـین. هەربۆیە (فاتیمە) بۆ ڕێگری لەو کارەی و مانەوەی دەسـەڵات لەنێو کوڕەکانی، بەپشـتیوانی هەردوو کوڕەکەی (ئەبوتەغلوب و ئەبولبەرەکات) مێردەکەی دەسـتگیرو لە (قەڵای ئاردمشـت) زیندانی کرد، تا لەوێ کۆچی دوایی کرد. تەنانەت لە ماوەی زیندانیکردنیشی بێرێزی پێنەکرد، بەڵکو چەندین پاسەوان و خزمەتکاری بۆ داناو خواردن و خواردنەوەی پێویستیشی لەماوەی زیندانیکردنی بۆ دابینکرد(مسكويه، 255/2).

(دەیلەمیە) هاوسـەری (باد کوڕی دۆسـتەك) شـان بە شـانی مێردەکەی لە (قەڵای حوسـن کیف)ەوە پەلاماری شـاری (موسـڵ)یداو لەسـاڵی (380ك/990ز) گرتی(عبدالرقيب يوسـف، 148/2). واتە پشـتی مێردەکەی گرت لەو شـاڵاوەداو تەنیای نەکرد.

هەروەها (نیزامەدین ئەبولقاسم کوڕی نەسرلدەولە) میری مەروانی لەلایەن کەنیزەکێکی کوردەوە لەساڵی (474ك/1081ز) ژەهرخوارد کراو کۆچی دوایی کرد، کە لەلایەن (سەعید)ی برایەوە نێردرابوو(عبدالرقیب یوسف، 52/2، زرار سدیق توفیق، 2012، ل233). هەموو ئەوانەش ڕۆڵی ئافرەتیان لەنێو ڕووداوە سیاسییەکاندا دەرخست.

**2-2: کاریگەری پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان:** پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکی تر بوو لەو ڕێگایانەی پێگەی ئافرەتی کوردییان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان دەرخست. لەم بوارەدا هاوسەرگیری (فاتیمە کچی ئەحمەدی هەزارمێردی) لە گوندی (هەزارمێرد)ی دەڤەری شارەزوور(د. فائزة محمد عزت, 2021, ص92), بە (میر ناسر ئەلدەولەی حەمدانی/358ك/968ز) میری دەوڵەتی حەمدانی) لەناوچەکانی موسڵ و حەلەب، کاریگەرییەکی وەهای لەسەر مێردەکەی بەجێهێشت، لە زۆربەی کاتدا میری حەمدانی بێ ئەو بڕیاری لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەئەدا(التنوخي, 1972, 108/2, مسكويه, بلا, 255/2). دیارە هاوسەرگیری میری حەمدانی لەگەڵ کچی کەسایەتییەکی ناوچەی شارەزوور دوای ئەوە هات، کە کوردەکان بەشێکی سووپای دەوڵەتی حەمدانیان پێکهێنابوو(السيوطي، 1987 ص395). هەروەها میری حەمدانیش دەیویست لەڕێگای ئەو هاوسەرگیرییەوە، لە کوردەکان نزیك بێتەوەو شەڕ بۆ دەوڵەتەکەی بکەن(د. فائزة محمد عزت، 2021، ص94)، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرباری ئەو ڕێزەی مێردەکەی بۆی هەبوو، نێوانیان تێکچوو، گەیشتە ئەوەی میری حەمدانی لەلایەن ئەم ژنە کوردەوەو بە پشتیوانی کوڕەکەی (ئەبوتەغلوب) دەستگیر بکرێت و لەزینداندا کۆچی دوایی بکات(مسكويه، 255/2).

مارەکردنی (ست ئەلناسی کچی میرسەعد ئەلدەولەی کوڕی سەیف ئەلدەولەی حەمدانی) بۆ (ئەبوعەلی کوڕی مەروان) لەساڵی (386ك/996ز)دا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان حەمدانییەکانی موسڵ و مەروانییەکانی دیاربەکری ئاسایی کردەوە. لەکاتێکدا بەر لە گواستنەوەی (ست ئەلناس)، دەزگیرانەکەی واتە (ئەبوعەلی کوڕی مەروان) کوژرا، کەچی ئەو پەیوەندیانە لە سەردەمی (ئەبوعەلی ئەبومەنسوور)ی کوڕانی مەرواندا بەرەو باشتر چوو(الفارقي، 1959، صص72-74، سبط الجوزي، صص258-259، فيصل السامر، 1973، 288/1). دیارە ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە لە سەردەمی (باز ئەبوشوجاعی کوڕی دۆستەك) میری پێشووی دۆستەکی بەر لە (ئەبو عەلی کوڕی مەروان) زۆر گرژ بوو(أبن الأثير, 7/122-142، قادر محمد حسن، 2011، ص101).

هەر ئەم پرۆسەی هاوسەرگیرییەش ناکۆکی خستە نێو ئەندامانی بنەماڵەی حەسنەوی بەرزیکانی. ئەوەش کاتێك (بەدری کوڕی حەسنەوی) بەهۆی هێنانی ژنی دووەمی لە هۆزی شازنجانی کوردی, (هیلالی کوڕی) لەساڵی (400ك/1009ز) لێ هەڵگەڕایەوە. بەو هۆیەوەش (هیلالی کوڕی), بە یارمەتی ماڵی خاڵوانی کاری بۆ ئەوە کرد، باوکی لە دەسەڵات دووربخاتەوە. کاتێکیش (بەدر) بەو پیلانەی زانی بیری لە دڵدانەوەی کوڕەکەی کردەوە و بڕیاریدا ناوچەی (صامغان)ی پێبەخشێت، بەڵام ئەم ڕووداوە (هیلال)ی ئاشت نەکردەوە، بەڵکو بە پشتیوانی دایکی ڕووبەڕووی باوکی بوویەوەو پەلاماری ناوچەی شارەزووریدا، کە لەلایەن (ئیبن مازی) یەکێك لە فەرماندەکانی باوکییەوە بەڕێوە دەبرا. لەو پەلاماردانەشدا سەرەڕای ئەوەی (ئیبن مازی) کوژرا، دەستی بەسەر سامانەکەیدا گیراو ناوچەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی. دواتر (هیلال) کەوتە داگیرکردنی ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتی باوکی. لەو هەنگاوەشیدا بەهاوکاری هۆزەکانی ناوچەکە پەلاماری شاری (دینەوەر)یداو لە نزیك شارەکەو دوای شەڕێکی قورس (بەدر)ی باوکی بەدیل گرت. دیارە ئەگەرچی هاوکارانی (هیلال) داوایان لێکرد باوکی بکوژێت، بەڵام (هیلال) لەسەر داوای دایکی، باوکی نەکوشت. ئەوەش بۆ ئەوەی کوڕ دەستی بە خوێنی باوکی سوور نەبێت(أبن الاثير, 7/272-273). ئەو ڕووداوانەش دەریانخست، کە تا چەند ئافرەتێکی تیرەیەکی کوردی، کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دەوڵەتی حەسنەوی هەبوو.

(تاهیری کوڕی هیلال)یش، کە دوای (هیلال) بووە میری حەسنەوییەکان، خوشکی (ئەبولشەوکی عەننازی) سەرۆکی هۆزی شازنجانی هێنا، تا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پشتیوانی بکات، بەڵام لەلایەن (ئەبولشەوکی عەننازی) ژنبراکەیەوە کوژرا، چونکە لە باوکی هەڵگەڕایەوە، کە یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی(الصابی، 2003، 68/7، أبن خلدون، 516/4). بەو ڕووداوەشدا دەرکەوت، کە بەرژەوەندییە سیاسییەکان، لە پرۆسەیەکی هاوسەرگیری و خزمایەتی گەورەتر و کاریگەرتر بوون.

لە کاریگەرییەکی تری ئافرەتدا بەسەر ڕووداوە سیاسییەکانەوە هاوسەرگیری (صداق کچی عەسکەری کوردی) بوو لەگەڵ (عزئەلدەولەی بەختیاری بووەیهی) لەساڵی (360ك/971ز). کاریگەرییەکەش ئەوە بوو، کە (عزئەلدەولەی بەختیار) ئامادەبوو بڕی (سێ سەد هەزار) دیناری بکات مارەیی کچەکە(سبط الحوزي, 1999، ص151).

(دۆختی کچی ئەبولشوکی کوڕی ئەبولفەتحی عەننازی)ش لەساڵی (435ك/1043ز) شووی بە (جەلال ئەلدەولەی بووەیهی) کرد. بەو پەیوەندییەش لاپەڕەیەکی نوێی سیاسی و دۆستایەتی لەنێوان بووەیهی و شازنجانییەکان لە دەوڵەتی عەننازی دەستی پێکرد، کە پێشتر پەیوەندی نێوانیان باش نەبوو(أبن الاثير, 37/8، أبن خلدون, 1034/5).

(عەزیزە کچی زەنك کوڕی ماران) هاوسەری (سەعید کوڕی نەسرلدەولەی مەروانی) میری دەوڵەتی مەروانی دوای کۆچی دوایی مێردەکەی لەساڵی (453ك/1061ز)، لەلایەن (نیزامەددین ئەبولقاسم نەسر کوڕی ئەحمەد/453-473ك/1061-1079ز) ڕازیکرا شووی پێبکات و شاری (ئامەد) بەدەستەوە بدات، کە لەلایەن هاوسەری پێشوویەوە پێی بەخشرابوو(الفارقی، 1959، صص191-192، محمد امين زكی، 75/2). بەوەش ئەو شارە بۆ سنووری دەسەڵاتی (نیزامەدین ئەبولقاسم) زیادکرا.

کاتێکیش یەکێك لە فەرمانڕەواکانی مەمالیك بەناوی (جەمال ئەدین قەشمەر) لە دەست خەلیفە (موستەنجد بیللای عەباسی) ڕایکرد و پەنای بۆ (موحەممەد ئەبو تاهیری کوڕی ئەبولحەسەنی فەزڵەوی/550-555ك/1155-1160ز) میری دەوڵەتی ئەتابەکی فەزڵەوی هێنا، (ئەبوتاهیر) ڕێزی لێگرت و کچەکەی خۆی پێدا. ئەوەش ڕق و بێزاری خەلیفەی عەباسی بەرزکردەوە، بەوەی چۆن میری حکومەتی فەزڵەوی سەرباری داڵدەدانی, کچەکەی خۆیشی پێداوە؟ هەربۆیە سوپایەکی لە ژێر سەرکردایەتی (سەنجەری سەلجوقی) ناردە سەری، بەڵام دوای شەڕێکی سەخت سوپاکەی خەلیفە تێکشکاو پاشەکشەی پێکرا(أبن الأثير, 156/12). واتە سووپای دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی لەلایەن سووپای حکومەتێکی ناوچەیی وەك ئەتابەکی فەزڵەوی لە بەشی باکووری لوڕستان تێکشکا.

کاتێکیش (خوارزمشا عەلائەدینی تەکش)ی فەرمانڕەوای خوارزمی لەساڵی (591ك/1195ز) پەلاماری ناوچەکانی عێراقی عەجەم و لوڕستانیدا, (هەزار ئەسپ کوڕی ئەبوتاهیر/555-626ك/1160-1228ز), نەك هەر ملکەچی بۆ ڕاگەیاند، بەڵکو کچەکەشی بە (غیاسەددینی کوڕی سوڵتان موحەممەد خوارزم شا)دا(د.نافع العبود، بلا، ص23، تا لە دەسەڵات بمێنێتەوە. بەو هاوسەرگیرییەش نەك هەر میری ئەتابەکی فەزڵەوی لە دەسەڵات مایەوە، بەڵکو متمانەی سوڵتانی خوارزمیشی بەدەستهێنا, لەپاڵ سوپای خوارزمی لەژێر سەرکردایەتی (سوڵتان غەیاس ئەدین) شالاوێکی مەغۆلەکانیان لەساڵی (619ك/1222ز) تێك بشکێنن(حسينقلی ستوده، ب.چ، ص136).

(ست ئەلشام کچی نجمەدین ئەیوب/616ك-1219ز)(أبن كثير، 85/13) خوشکی سەڵاحەددینی ئەیوبی)(أبن الجوزی، 392/7) دووجار هاوسەرگیری کرد. جاری یەکەم شووی بە (لاجین) یەکێك لە میرە ناوچییەکانی شام کرد بۆ مەبەستی سیاسی(د. فائزة محمد عزت، 2021، ص123)، بەڵام شووی دووەمی بە کوڕی مامی بوو، دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی پێشووی(أبن كثير، 84/13-85). هەردوو پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەش مەبەستی سیاسی لەپشتەوە بوو.

لەهەڵوێستێکی تردا (ناسر سەلاحەددینی یوسف) فەرمانڕەوای حەلەب بەو مەرجە ڕازی بوو (غازیە خاتون کچی مەلیك عەبدولعەزیز)ی خوشکی بدات بە (سوڵتان غیاسەددین کەیخسرەو/616-634ك/1219-1236ز) سوڵتانی سەلجوقی ڕۆم، تا خوشکەکەی بدات بەخۆی. ئەوەش کاریگەری بنەماڵە و ئافرەتێکی کورد بوو، تا سوڵتانێکی سەلجوقی لەپێناو هێنانی کچێکی بنەماڵەی ئەیوبی، ئامادەبێت خوشکەکەی بدات, بەو میرە ئەیوبییە(أبن العديم، 1996، صص494-496).

(خاتوون کچی مەلیك عادل) لە بنەماڵەی ئەیوبی شوویکرد بە ئامۆزاکەی (مەلیك عەزیز). ئەوەش لەسەر داوای (مەلیك عادل) بوو، بەهۆی ئەوەی (مەلیك عەزیز) چەند جارێك پەلاماری شاری (دیمەشق)یدا، تا بیگرێت و لەبندەستی (مەلیك ئەفزەڵ) فەرمانڕەوای دەری بهێنێت. وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن (مەلیك عەزیز) لەنێوان ساڵانی (590-592ك/1194-1996ز)دا چەند جارێك پەلاماری ئەو شارەیدا، تا دواجار لەساڵی (592ك/1196ز) دەستی بەسەردا گرت(سامان نامق، 2016، لل104-105، سجی مشعل رشيد الطائی، 2020، ، ص38). ئەوەش (مەلیك عادل)ی ناچار کرد بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە و گێڕانەوەی ئاشتی بۆ نێوان (دوو) برازاکەی ئەو کارە بکات، چونکە دوای ئەو هاوسەرگیرییە (مەلیك ئەفزەڵ) نەیتوانی لەبەر (مەلیك عادل) دژایەتی (مەلیك عەزیز) بکات(أبن واصل، 24/3، المقريزی، 232/1). ئەمەو هەر (مەلیك عادل) کچێکی تری بەناوی (زەیفە) دا بە (مەلیك زاهیر)ی ئامۆزای، کە فەرمانڕەوای شاری (حەلەب) بوو. ئەوەش لەساڵی (609ك/1212ز)(أبن واصل, 201/3). هاوسەرگیرییەکەش دوای ئەوەهات، کە (مەلیك زاهیر) چووە هاوپەیمانییەتی (موزەفەردین کوکەبەری فەرمانڕەوای هەولێر و (نورەدین ئەرسەلان شا) فەرمانڕەوای موسڵ، کە لە نەیارانی مامی بوون(أبن واصل, 194/3-195)، بۆیە (مەلیك عادل) وویستی بەو هۆیەوە برازاکەی لە نەیارەکانی دووربخاتەوەو بۆ لای خۆی بگێڕێتەوە. لەو کارەشدا سەرکەوتوو بوو، چونکە برازاکەی لەوان دوورخستەوە(أبن واصل, 212/3, العزي, 1998, 17/3, أبن الوردي, 128/2, (الطائي, ص23).

کاتێکیش کێشە کەوتە نێوان (مەلیك عەزیزی کوڕی مەلیك زاهیر)و مەلیك عادل)، (مەلیك کامیل) داوای لە (مەلیك عەزیز) کرد (فاتیمە کچی مەلیك عادل) بهێنێت(أبن واصل، 236/3-237)، تا ئاشتیان بێتەوە. (مەلیك عەزیز)یش بەگوێی کردو لەساڵی (626ك/1228ز)، داوای کچەکەی (مەلیك عادل)ی کرد، بەڵام (مەلیك عادل) داوای مارەیی (پەنجا هەزار) دیناری کرد، تا بەهۆی ئەو پارە زۆرەوە پابەندی بکات، کەچی (مەلیك عەزیز) داواکەی قبوڵکرد و پارەکەی پێدا. هەربۆیە (مەلیك عادل)یش ناچاربوو، کار بە بەڵێنەکەی بکات و کچەکەی خۆی پێبدات(أبن واصل، 254/4، العينی، 210/4-211). بەوەش پەیوەندی

نێوانیان ئاســـایی بوویەوە(أبن واصـــل، 236/3-237). دیارە پێدانی بڕی (پەنجا هەزار) دینار بە (مەلیك عادل) لەپێناو پێدانی کچەکەی، ســـەرباری ئەوەی ســـەنگ و پێگەی کچەکەی دەرخســـت، لەپاڵ داوایەکی قورســـی (مەلیك عادل) بۆ پابەندی (مەلیك عەزیز) پێی، خواســـتی (مەلیك عەزیز)یشـــی بەو هاوســـەرگیرییە دەرخســـت، چونکە بەو هۆییەوە دەیتوانی پشـــتیوانی (مەلیك عادل)ی بۆ دەسەڵاتەکەی و پاراستنی بەدەست بهێنێت.

لەلایەکی دیکەوە لەسەر داوای (مەلیك عادل) کچی (مەلیك موعەزەم) لەساڵی (614ك/1217ز)، شووی بە (مەسعود کوڕی مەلیك کامیل) کرد. ئەوەش تەنیا بۆ بەهێزبوونی پەیوەندی نێوانیان بەهۆی ئەو هاوسـەرگیرییەوە(أبن کثیر، 75/13-76، العینی، 321/3).

کاتێکیش (مەلیك ناسر داود کوڕی مەلیك موعەزەم) لەساڵی (626ك/1232ز) شاڵاوێکی بۆسەر شاری (دیمەشق) ئەنجامداو گرتی(ابن واصـــل، 15/5)، (مەلیك کامیلی ئەیوبی) توڕەو نیگەران بوو وە پەیوەندی نێوانیان تێکچوو(أبن واصـــل، 225/4، 257)، بەڵام دوای (سێ) ساڵ لەو ڕووداوە کاتێك (مەلیك کامیل) بە نزیك شاری (کەرك)دا تێپەڕی لەلایەن (مەلیك ناسر داود) میوانداری کرا. دوای ئەو میوانداریيەش دڵی چووە ســـەر کچەکەی (مەلیك ناســـر)و ئەویش پێدا. بەوەش پەیوەندییەکان ئاســـایی بوونەوەو هەردوولا بڕیاریاندا بەیەکەوە ڕووبەڕووی نەیارانیان ببنەوە(أبن واصل، 13/5).

(میر شەمسەددینی بەدلیسی) فەرمانڕەوای (بەدلیس)، کە بە میرێکی بەهێزی سەردەمەکەی ناسرابوو, وە خاوەنی (21) قەڵا بوو لە ناوچەکانی (بەدلیس، خەڵات، موش، خنس), پێشـوازی لە (قەرەیوسـف کوڕی موحەممەدی قویُنلۆ/810-823ك/1407-1420ز) کردو کچێکی خۆی پێدا. هەروەها بەڵێنی هاوکاری و پشـــتیوانیشـــی دا(البدلیســـی, ص492). بەهۆی ئەو پشـــتیوانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەنێوانیاندا دروستبوو، هێزێکی باشتري بە (قەرە یوسـف)و دەسـەڵاتەکەی بەخشـی و گەیشـتە ئەوەی، نەك هەر دەستی بگاتە زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکان، بەڵکو دەسـتیشـی گەیشـتە ناوچەکانی ئازەبایجان و ئەرمەنسـتان و خاکی ئێران(ابوابكر الطهراني, 1967, صص32-59, خواندمیر, د.چ، صص551-552, البدلیسي, صص215-216, 388-389).

**ئەنجام**

لەکۆی ئەو تۆمار و زانیاریانەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراو هەوڵماندا سەنگ و پێگەی ئافرەتانی کوردستانی کۆن و ئافرەتانی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا دیاری بکەین، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئافرەتانی کورد شـــانبەشـــانی پیاوان، لە دێر زەمانەوە ســـەنگ و قورســـایی خۆیان لەســـەر ڕووداوەکان هەبووە، کە قورسایی ئەوان هیچی وەهای لە پیاوان کەمتر نەبووە.

**دووەم:** ئافرەت لەبەرامبەر بەشـوودانیان بە میر و دەسـەڵاتدار و کەسـایەتییەکانی سـەردەمەکە، هۆکاری ئاڵوگۆڕی بوون لە پەیوەندییە ســـیاســـی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژیاریشـــدا. بەئاســـتێك ئافرەت وەك لە تۆمارە مێژووییەکان تیشـــکی خراوەتەســـەر (هۆکاری ئەوە بووە، ئاو بکات بە ئاگردا). واتە گرژی و ناکۆکی و ململانێ توندی نێوان دوو بنەماڵە یان دوو هێزی سیاسی دابمرکێنێتەوە.

**سێیەم:** سـەرباری ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە ئاشـتەوایی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئایینی, لەهەمانکاتدا هۆکاری سـەرهەڵدانی کێشـەو ململانێ ناوخۆییەکان بوون. وەك ئەوەی فەرمانڕەوایەك بەهۆی ژنەکانییەوە کاریگەری لەسـەر پەروەردەیی و تێڕوانینی سـیاسـی کوڕەکانی هەبووە و هەندێکجار ئەو تێڕوانینە بۆتە هۆی سـەرهەڵدان و بەردەوامی ناکۆکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، وەك ئەوەی لە حکومەتی حەسنەویدا ڕوویدا.

**چوارەم:** کۆمەڵگای کوردی و دەسەڵاتە خۆجێییە کوردییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، ئەو بوارەیاندا بە ئافرەتی کورد داوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا کار بکات، وەك ئەوەی ئافرەتی کوردمان هەبووە هۆنەر و ئەدیب و نووســـەر بێ و نەخۆشـــخانە و مەڵبەندی گرنگی فەرهەنگی و خزمەتگوزاری بکاتەوە.

**پێنجەم:** دواجار پێمان وایە ئافرەتانی کورد وەك ئافرەتی پێکهاتە و کۆمەڵگانی سـەردەمەکە بوونی خۆیان پارسـتووە و بەجێ نەماوە و پەراوێزنەخراوە، وەك هەندێك لە مێژوونووسان و نووسەران و توێژەران بۆی چوون.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبە پیرۆزەکان:**

1.قورئان: کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

ابن الاثیر، ابي الحسن علي بن الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم الشيباني/(630ه/1232م)

2. الكامل فى التأريخ، الطبعه الأولى، مطبعة دار الصادر-بيروت، 1965م.
الاصطخري, أبوالقاسم ابراهيم بن محمد الكرخي/(340ه/957م)
3. المسالك والممالك, الطبعة الاولى, الهيئة العامة لقصور الثقافية-القاهرة, 2004م.
البدليسى، شرفخان/(604م)
4. الشرفنامة في التاريخ الدول و الامارات الكردية ، ترجمة: محمد جميل بندي الروزبيانى، الطبعة الاولى، مؤسسة موكريان للطباعة و النشر-اربيل، 2001م.
البرزالي, أبوالقاسم محمد بن بن يوسف بن زكى الدين(739ه/1338م)
5. المقتفي على كتاب الروضـــتين المعروف بتأريخ البرزلي, تحقيق: عمر عبدالســـلام تدمري, الطبعة الاولى, المكتبة العصرية-صيدا-بيروت, 2006م.
التنوخي, أبوعلي المحسن بن علي بن محمد بن داوود بن ابراهيم/(342ه/994م)
6. الفرج بعد الشدة, تحقيق: عبود الشالجي, الطبعة الاولى, دار صادر-بيروت, 1972م.
أبن الجزري, أبو عبدالله شمس الدين بن ابراهيم بن أبي بكر القرشي/(738ه/13337م)
7. تأريخ حوادث الزمان المعروف بتاريخ أبن الجزري, تحقيق: عمر عبدالســـلام تدمري, الطبعة الاولى,المكتبة العصـــرية-صيدا-بيروت, 1998م.
أبن حزم, أبو محمد علي بن احمدبن سعيد بن حزم/(994ه/1064م)
8. الملل والأهواو والنحل, الطبعة الأولى، مطبعة الأدبية-القاهرة, 1320ه.
الحنبلي/ احمد بن ابراهيم (876ه/1471م)
9. شفاء القلوب، فى مناقب بني أيوب، تحقيق ناظم رشيد، الطبعة الاولى، بغداد، 1978م.
أبن حوقل, أبو القاسم محمد بن علي بن حوقل/ (367ه/977م)
10. صورة الارض, الطبعة الاولى, دار مكتبة الحياة-بيروت, 1979م.
ابن خلدون، أبو زيد عبدالرحمن بن عمر/(808ه/1407م).
11. تاريخ العبر وديوان المبتدا والخبر في أيام العرب و العجم والبربر ومن عاصـــرهم من ذوي الســلطان الأكبر، اعتنى به: عادل بن سعد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت, 2010م.
ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر/(681ه/1282م)
12. وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، الطبعة الاولى، مطبعة الســـعادة، القاهرة، 1947م.
سبط الحوزي/ شمس الدين أبوالمظفر يوسف بن قزغلي التركي/(654ه/1256م)
13. مرأة الزمان في تاريخ الاعيان، تحقيق: جنان جليل محمد الهموندي، الطبعة الاولى، دار الوطنية-بغداد، 1999م.
السيوطي, جلال الدين عبدالرحمن محمد بن عثمان/911ه/1055م)
14. تاريخ الخلفاء, تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد, الطبعة الثالثة, دار العلوم الحديثة-بغداد, 1987م.
الشهرستاني, أبي الفتح محمد بن عبدالكريم/(548ه/1153م)
15. الملل و النحل، صححه و علق عليه: احمد فهمى محمد، الطبعة السابعة، دار الكتب العلمية-بيروت، 2007م.
الصابى، ابوالحسين هلال بن محسن بن ابراهيم/(448ه/1056م)
16. تاريخ هلال الصابى، الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 2003م.
أبن العديم/ عمر بن احمد بن هبة الله بن احمد بن يحيى بن زهير بن ابي جرادة/(660ه/1262م)
17. زبدة الحلب فى تاريخ حلب، وضح حواشيه: خليل منصور، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 1996م.
العزي, ابي المعالي شمس الدين محمد بن عبدالرحمن/(1167ه/1753م)
18. نهر الذهب في تاريخ حلب, الطبعة الاولى, دار القلم-حلب, 1998م.
العسقلاني, شهبا الدين أبوالفضل احمد بن علي بن محمد بن علي/(852ه/1449م)
19. الدور الكامنة في المائة الثامنة, الطبعة الاولى, دار الجيل-بيروت, 1993م.
أبن العماد الحنبلي, عبدالحي بن أحمد بن محمد أبن العماد العكري الحنبلي/(1089ه/1679م)
20. شذارت الذهب في أخبار من ذهب, الطبعة الاولى, دار أحياء التراث العربي-بيروت, بلا.
العيني, بدرالدين محمود بن احمد بن موسى بن احمد الحافظ/(855ه/1451م)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

21. عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان, تحقيق: محمد رزق محمود, الطبعة الاولى, دار الكتب والوثائق القومية-القاهرة, 2010م.
الفارقي/ ابو نصر حسن بن اسد بن الحسن الفارقي/487ه/1094م)
22. تأريخ الفارقي، تحقيق: الدكتور بدوي عبداللطيف عوض، الطبعة الأولى، القاهرة, 1959م.
ابوالفداء, عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن ايوب/(732ه/1331م)
23. تأريخ ابوالفداء في أخبار البشر, علق عليه و وضع حواشيه: محمد ديوب, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 1997م.
أبن كثير, ابوالفداء اسماعيل بن عمر بن كثير القريشي/(774ه/1372م)
24. البداية والنهاية في التاريخ, تحقيق: احمد أبوملحم علي نجيب عطوي و فؤاد السيد و مهدي ناصرالدين و علي عبدالستار, الطبعة الثالثة, دار الكتب العلمية-بيروت, 1987م.
المبرد/ ابوالعباس المبرد، أبوالعباس محمد بن يزيد بن عبدالاكبر الثمالي الازدي/
25. الكامل في الادب و اللغة، تحقيق: جمعة الحسن، الطبعة الثالثة، دار المعرفة-بيروت، 2010م.
أبن المستوفي, مبارك بن أحمد بن شرف الدين/(637ه/1239م)
26. تاريخ اربل, الطبعة الاولى, دار الرشيد, بغداد, 1980م.
مسكويه, ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب/(421ه/1030م)
27. تجارب الامم وتعاقب الهمم, أعتنى بالنسخ: ه.ف. امدروز, الطبعة الاولى, مكتبة المثنى-بغداد, بلا.
أبن منقذ, مؤيد الدولة أبو المظفر أسامة بن مرشد الكناني/(584ه/1188م)
28. الاعتبار، تحقيق: حروة فليب حتى، الطبعة الاولى، الدار المتحدة للنشر-بيروت، 1981م.
أبن واصل, جمال الدين محمد بن سالم/(697ه/1297م)
29. مفرج الكروب في أخبار بني ايوب, الجزء الثالث, تحقيق: جمال الدين شيال, الطبعة الاولى, دار الكتب الوثائق-القاهرة, 1957م, الجزئين الرابع والخامس, تحقيق: حسنين محمد ربيع, الطبعة الاولى, دار الكتب الوثائق-القاهرة-مصر, 1975م.
أبن الوردي, أبو حفص عمر بن مظفر بن عمر بن محمد بن أبي الفوارس/(749ه/1348م)
30. تاريخ أبن الوردي, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 1996م.
اليافعي/ عفيف الدين أبي الشعادات ابومحمد بن عبدالله بن أسعد بن علي/(768ه/1367م)
31. مرأة الجنان و عبره اليقضان في معرفة من حوادث الزمان، الطبعة الثانية، مؤسسة الاعظمي-بيروت, 1970م.
ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت به عبدالله/(626ه/1228م)
32. معجم البلدان، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 1990م.
اليعقوبي، محمد بن ابي يعقوب بن واضح/(292ه/904م)
33. تقويم البلدان، الطبعة الاولى، دار المعرفة للطباعة و النشر-باريس، فرنسا، 1840م.

**سێیەم: ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**

د. جمال احمد رشيد و د. فوزى رشيد/
34. تاريخ الكرد القديم، الطبعه الاولى، مطابع دار الحكمة-اربيل، 1990م.
خصباك, شاكر/
35. الاكراد-دراسه جغرافية اثنوغرافية، الطبعة الاولى، مطبعة شفيق-بغداد، العراق، 1972م.
ريبوار, حميد/
36. الكرد في دائرة المعارف، الطبعة الاولى، منشورات كاوه-بيروت, 1999م.
السامر, فيصل/
37. الدولة الحمدانية في الموصل و الحلب، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، 1973م.
السندي, بدرخان/
38. المجتمع الكردى في المنظور الاستشراقى، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة والنشر-أربيل، 2002م.
عبدالرقيب يوسف/
39. الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى, الطبعة الثانية, دار اراس للطباعة والنشر-اربيل, الجزء الثاني, 2001م.
عقراوى, هاشم طه/

40. الاسس النفسية للقبائل الكردية-دراسة نفسية أجتماعية، الطبعة الاولى، مطبعة بلدية كركوك-كركوك، 1971م
الطائى، سجى مشعل رشيد/
41. النساء الايوبييات و دورهن الحضاري في بلاد الشام في العصر الايوبي, الطبعة الاولى, الكتب الجامعية-الاسكندرية, 2020م.
فائزة محمود عزت/
42. الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-9ه/10-15م)، الطبعة الاولى، مطبعة الحاج هاشم-أربيل، اقليم كردستان العراق، 2009م.
43. دراسات عن الاسر والشخصيات الكردية في العصر الاسلامي, الطبعة الاولى, مكتبة التفسير-أربيل, 2021م.
قادر محمد حسن/
44. الأمارات الكوردية في العهد البويهي-دراسة في العلاقاتها السياسية والاقتصادية (334-447ه/945-1055م)، الطبعة الاولى، مؤسسة موكريان للطباعة و النشر-مطبعة روژهەلات، اربيل، 2011م.
القصير, مليحة عوني و معن خليل عمر/
45. المدخل الى علم الاجتماع، مراجعة: خلوف احمد الجدعان، الطبعة الاولى، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى-بغداد، 1981م.
لويد, سيتون/
46. اثار بلاد الرافدين، ترجمة: سامى سعيد الاحمد، الطبعة الاولى، دار الرشيد-بغداد, 1980م.
ليرخ/
47. دراسات حول الاكراد و أسلافهم الخالدين الشماليين، ترجمة: عبدي حاجى، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة خاني-حلب، 1994م.
النجار, مصطفى/
48. شرفخان البدليسي و منهجه التاريخي من خلال كتابه الشرفنامة, الطبعة الاولى, دار سبيرير-دهوك, 2007م.
النقشبندى، سلام احمد عبدالله العبابيلى/
49. مباحث في تأريخ شهرزور في العصور العباسية, الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-أربيل, 2013م.
نيكيتين, باسيل/
50. الكرد-دراسه سوسيولوجية و تاريخية، تقديم: لويس ماسينيون، ترجمة: د. نورى طالبانى، الطبعة الاولى، منشورات دار اراس للطباعة والنشر-أربيل، 2004م.

**چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

بوا, توما/
51. ژیانی کوردەواری، وەرگێرانی: حمەسعید حمەکریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی-سلێمانی، 1980ز.
ڕۆژبەیانی، موحەممەد جەمیل/
52. مێژووی حەسەنوەیهی و عەبیاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحرية للطباعة- بەغداد، 1996م.
پ. د. زرار صدیق تۆفیق/
53. کوردو کوردستان لەڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (11-656ك/632-1258ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2012ز.
سامان نامق/
54. ژن خوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبی دا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ئارین-هەولێر، 2016ز.
عبدالله ناجح علوان/
55. صلاح الدینی ئەیوبی، وەرگێرانی: باوکی عبدﷲ، چاپی یەکەم، هەولێر، 2000ز.
د. کەمال مەزهەر ئەحمەد/
56. ئافرەت لە مێژوودا-کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث-بەغداد، 1981ز.
محمد أمين زكى/
57. کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار السلام-بەغداد، 1931م.
مینۆرسکی, ڤلادیمیر/

58. كورد، وەرگێڕانی: حمەسعيد حمەكريم، چاپی يەكەم، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر، 1984ز.

**پێنجەم: سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:**

أبوبكر الطهرانی،

59. كتاب دياربكرية، بتصحيح و اهتمام: نجاتی لوغال و فاروق سومر، بيرم چاپ اول.، چايخانه انجمن تاريخ ترك، انكارا، تركيه، 1962م.

60. خواندمير، غياث الدين بن همام الدين الحسيني/

روضة الصفاء، چاپ اول، تهران، ايران، د.چ.

**شەشەم: بڵاوكراوەكان:**

علياوەيی, د. عبدالله/

61. كوردستان و پێشكەوتنی شارستانی– لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی شیكار ئامێز، وەرگێڕانی: ئاكۆ شوانی، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە(4)، ئەيلولی1999ز، ساڵی يەكەم، سلێمانی، لل75-76 .